## بەردەنووسی سەر گۆڕی شارێك

كۆژان

بۆن دێ بۆن دێ
بۆنی سێوی بەهەشتەكەی ئەم دونیایە
بۆنی بۆمبای كارگەكانی ڕژێمی پیسی سەرمایە
شەو باوێشكی لە گلێنەی خۆرا ئەدا
ڕوومەتی شار
وەك مرواری ناو كانیاوی شیعری گۆران
شەڕی لەگەڵ ڤینۆسەكەی یۆنان ئەكرد
گوڵی موژدەو ماچی گەرمی بۆ دوواڕۆژی
شار ئەباران.
چاوەڕوان بوو، وەك گشت ساڵێ
پەنجەی سرو نەرەكیوی چاو گەشەكان
هەڵ گیرسێنێ گڕی سووری نەورۆزەكەی هەموو ماڵێ
بەتەمابوو چاوی گوڵە نێرگسەكەی ئەم ساڵێشی
قوربانی هەڵپەڕكێی نەورۆزبێت
سروودەكەی مامە یارەی
وەك ئاهەنگی یەكەم ڕۆژبێت.
چێشتەنگاو بوو
خۆر لە ئاستی پرچی كاڵی هەڵەبجەدا
شەرمەزاربوو
بەچواریەكی ئاسمانەوە
گۆنای شاری ئەلستەوە
پەنجەی گڕو ئالتونینی تێكەڵ سنگو مەمكی شار بوو
چێشتەنگاو بوو
جەلادەكەی شاری بەغدا ڕشایەوە
ئاسمانی شار ڕەش هەڵ گەڕا
دێڕ بە دێڕی مافی مرۆڤ
لە چەكمەجەی ماف نووساندا
هاتە لەرزینو پێكەنین
دوا تروسكەی سۆمای چاوی خەڵكی شارم
لە گەڵ هاوارو خۆڕنین كوژایەوە.
بە چەن ڕۆژێ بەر لە نەورۆز
بەر گلێپەی گڕی پیرۆز
ئەژدەهاكی سەدەی گریان
ژەهری كردە جەژنانەی شار
بەخوێنی چاوی هەڵەبجە
لەسەر گۆنای جوانی بەهار
لە ناو جەرگەی شاری كپا
لە جیاتی ناوی پیكاسۆ
لە سوچێكی جۆڕنیكادا
نووسی
جەژنانەی مردنتان پیرۆز.

www.kurdistannet.org
18-3-2003 13:23

هەتا ئێستاش هەموو ساڵێ بەرلە نەورۆز
بە چەن ڕۆژێ خۆری ئاسمانی هەلەبجە
سنگ بۆ مەرگی شار ئەکوتێ
لە گەڵ دەنگە زوڵاڵەکەی هاوڕێ شڤان
بەسەر تەرمی بێ تابووتا
لاوکی پرسەی بۆ دەڵێ
هەتا ئێستاش هەموو ساڵێ
بەرلە گڵپەی گڕی بە سۆز بە چەن ڕۆژێ
هەوری شەیدای شاری بەفر
تێر تێر گونای خۆڵەمێشیی هەڵەبجەکەم
هەڵ ئەمژێ.
چاوتان لێیە پێ دەشتەکەی عەبابەیلێش
وەك ڕوومەتی هێرۆشیما هەتا ئێستاش هەر ڕەش پۆشە
چەمو کارێز تورە بوونە گوڵ ناڕوێن کەس نادوێن
چونکە گڕی نەورۆزەکەی شاری هەنسکو گریانم
هەتا ئێستاش هەر خامۆشە
هەتا ئێستاو بۆ لەمەودوا
هەتا مێژووی خوێن لێ تکاو ئابڕوو تکاو
دوا ترپەی دڵی لێ ئەدات
بەردەنووسی سەر گۆڕەکەی شارێ بێ گیان
مۆرێ گەورەی سەر ڕوومەتی گشت جیهانە
بە خوێنی دڵی هەڵەبجە لێی نووسراوە
ئێمەین قوربانیی سەرمایە
ئێمەین بەڵگەی ئاشکراو ڕوون
بۆ ناو چاوی جەلادەکەی
شاری سێ دارەو برسی بوون

١٩٩١-١-٢٤
کەلاری کۆن